هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 44

سالی/ 2007 – بەرگی چل و چوار

---

چاپی یەکەم/ سالی 2008

# پێرست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (14) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/10/22 ل5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (15) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/10/23 ل31

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (16) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/10/24 ل43

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (17) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/10/30 ل85

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (18) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/10/31 ل119

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (19) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/11/5 ل147

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (20) خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2007/11/8 ل187

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (21) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/11/12 ل209

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (22) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/11/14 ل259

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (23) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/11/19 ل327

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (24) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/11/20 ل365

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (25) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/11/21 ل429

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (26) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/11/26 ل485

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (27) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/11/27 ل523

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (28) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/12/3 ل555

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (29) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/12/4 ل559

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (30) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/12/5 ل615

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (26)**

**دوو شەممە ڕێکەوتی 26\11\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (26)

## دوو شەممە رێكەوتی 2007/11/26

كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2007/11/26 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن, بە ئامادەبوونی

بەڕێزمحمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (26)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (26)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای کارکردن بەیاسای هاتووچۆی ئیتحادی عێراق کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە.

2- خستنەروو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای رۆژنامەنووسان کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە.

3- خستنەروو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای ئەکادیمیای کوردی کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:
بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (26)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێکەوتی 2007/11/26دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای کارکردن بەیاسای هاتووچۆی ئیتحادی عێراق کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە.

2- خستنەروو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای رۆژنامەنووسان کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە.

3- خستنەروو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای ئەکادیمیای کوردی کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە.

سەرەتا زۆر بەخێرهاتنی بەڕێز کاك فەلەکەدین کاکەی وەزیری رۆشنبیری و کاك سعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان ئەکەم، کەلەگەڵمان بەشدارن ئەمڕۆ، زۆر بەخێر بێن سەرچاو، داوا لەلیژنەی یاسایی ئەکەم بۆ بڕگەی یەکەم خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای کارکردن بە یاسای هاتووچۆی ئیتیحادی عێراق کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە، با بفەرموون دانیشن بۆ خوێندنەوەی، داوا لەلیژنەی یاسایی ئەکەم ئەو پرۆژەی کەوا لەلایەن حکومەتەوە هاتووە بۆ بەڕێزان بخوێننەوە بەزمانی کوردی و عەرەبی، کورتە بەهەردوو زمانەکە بیخوێننەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی پڕۆژەی یاساکە لەلایەن کاک دلێر دەخوێندرێتەوە بەزمانی کوردی بابفەرمووێت.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەل

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان_عێراق

ژمارە:

مێژووی بڕیار:

بڕیار

بەپێی حوکمەکانی بڕگە(1)ی ماددەی (56)ی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان_عێراق ژمارە(1)ی ساڵی 1992 ولەبەر ڕۆشنایی بڕگەی(دووەم) لە بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان عێراق ژمارە(11)لە 1992/8/31 بڕیارماندا:

1- کارپێ کردنی (یاسای هاتووچۆ)ی دەرچوو بە بڕیاری دەسەڵاتی هاوپەیمانی کاتی – پێشوو – ژمارە (86)ی ساڵی 2004 لە هەرێمی کوردستان.

2- دەسەڵاتە تایبەتمەندەکانی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتەکانی ئاماژە پێدراو لە یاساکەدا بەکار دەهێنن لە سنووری هەرێمی کوردستاندا.

3- (دەستەواژەی (ماددەی))جێگەی دەستەواژەی (القسم رقم) دەگرێتەوە لە هەر شوێنێکی یاسای ئاماژە پێدراودا هاتبێت.

4-ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی هەرێمی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

استناداً الى احكام الفقرة(1)من المادة(56)من قانون المجلس الوطني لكوردستان – العراق رقم(1)لسنة 1992 وفي ضوء الفقرة (الثانية) من قرار المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم (11)في 1992/8/31 قررنا مايلي:

1- انفاذ (قانون المرور) الصادر بموجب أمر سلطة الإئتلاف المؤقتة – الملغية – رقم (86) لسنة 2004 في اقليم كوردستان – العراق.

2- تمارس السلطات المختصة في حكومة اقليم كوردستان الصلاحيات والسلطات الواردة في القانون المذكور في الفقرة (1) اعلان فيما يخص الإقليم.

3- تحل كلمة (المادة) محل عبارة (القسم رقم) اينما وردت في القانون المذكور.

4- ينفذ هذا القرار من تأريخ صدوره وينشر في جريدة (وقائع اقليم كوردستان) الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و ئەندامانی پەرلەمان ئەکەین بۆ ئەوەی لەرۆژی دیاریکراودا راپۆرتی خۆیان بنووسن وقەراری لەسەر بدەین، بڕگەی دوو لەبەرنامەی کار خستنەروو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای رۆژنامە نووسان کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە، داوا لەلیژنەی رۆشنبیریش ئەکەم، بێن دابنیشن لەشوێنی خۆیان، داوا لەلیژنەی یاسایی ئەکەم ماددە بەماددە پرۆژەکە بخوێننەوە دواتر رەئی هەردوو لیژنەکان.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**مشروع قانون العمل الصحفي في كوردستان**

**الفصل الاول**

**التعاريف والمبادئ**

المادة الاولى: يقصد بالتعابير الاتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

الإقليم: إقليم كوردستان – العراق.

النقابة: نقابة صحفي كوردستان.

النقيب: نقيب صحفي كوردستان.

الصحافة: مزاولة العمل الصحفي بقنواتة المختلفة.

الصحفي: كل شخص يمارس العمل الصحفي ويتوفر فيه الشروط القانونية بموجب قانون نقابة صحفي كوردستان.

الصحيفة: المطبوع الذي يصدر دورياً باسم معين وبأعداد متسلسلة وبأنتظام ومعد للتوزيع.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەشی یەکەم**

**پێناسەو پرەنسیپەکان**

ماددەی یەکەم:

هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

سەندیکا: سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.

نەقیب: نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان.

رۆژنامەوانی: هەر کەسێکە کاری رۆژنامەنووسیی بکات.

رۆژنامە: هەر چاپکراوێك کە بەخولەکی وبەناوێکی دیاریکراو وژمارەی یەك لەدوای یەك و بەرێك وپێکی دەربچێت و دابەشبکرێت.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو پرۆژەی یاسا هاتبوو، پرۆژە یاسایەك بەر لەئێستا هاتبوو سەبارەت بەهەمان مەبەست کە زەرفی موشەددەدی تێدایە وپەیرەو نەدەکرا بەپێی ماددەکانی (433 و434) لە قانونی عقوبات ئێمە هەردوو

**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان - عێراق**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# 45

سالّی/ 2007 – بەرگی چل و پێنج

---

چاپی یەکەم/ سالّی 2008

# پێریست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (31) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2007/12/9 ل5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (32) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/12/10 ل65

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (33) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/12/11 ل165

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (34) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/12/12 ل277

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (35) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/12/17 ل311

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (36) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/12/26 ل325

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (37) خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2007/12/27 ل383

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (38) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2007/12/30 ل429

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (39) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/12/31 ل577

6- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای (ڕێکخستنی خۆپیشاندان و کۆبووەکانی گشتی) لە هەرێمی کوردستان – عێراق، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشکەشکراوە.

7- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی بڕیاری ئەژماردنی راژەی سەرۆکەکانی یەکەی کارگێڕی بە راژەی دادوەری، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (34)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2007/12/12دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی بڕیاری کارپێکردن بە یاسای هاتوچۆی عێراقی ژمارە (86) ساڵی 2004 لە هەرێمی کوردستان – عێراق، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشکەش کراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای پاسەوانی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشکراوە.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای راژەو خانەنشینی پێشمەرگە (زێڕەڤانی هەرێم)، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەشکراوە.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای صندوقی پشتگیری و هاوکاری خانەوادەی شەهیدان لە هەرێمی کوردستان – عێراق کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشکەشکراوە.

5- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی ڕێکخستنی مافی بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان – عێراق کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشکەشکراوە.

6- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای (ڕێکخستنی خۆپیشاندان و کۆبووەکانی گشتی) لە هەرێمی کوردستان – عێراق، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشکەشکراوە.

7- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی بڕیاری ئەژماردنی ڕاژەی سەرۆکەکانی یەکەی کارگێڕی بە ڕاژەی دادوەری، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە.
تکایە لیژنەی یاسایی تەشریف بێنن بۆ شوێنی خۆیان، هەروەها لیژنەی ناوخۆ تەشریف بێنن، ئەوانیش لەسەر مەنصەکە دابنیشن، بەڕێزان، ئەم پرۆژەیەو گشت پرۆژەکانی تر زۆر موهیمە، بەتایبەت ئەمە بۆ شەریحەی گەورە لە کوردستان، کە بەبۆنەی زوڵم و زۆرداری لە هەرێمی کوردستان لە مێژووی تاریخ زۆر لە خوشك و برایەکانمان بەبێ خوێندەواری ماون، دەیانەوێت بتوانن سایەقی بکەن و ئیجازەیان هەبێت، بەڵام تاکو ئێستا یاسا ڕێگایان پێ نادات، لێرە پێشنیار کراوەو ئومێدەوارین پەرلەمانی کوردستانیش لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بە وردی بیری لێ بکاتەوەو بڕیاری لێ بدات، زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی تکایە یاسایەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیار

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددەی (56)ی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992 و لەبەر ڕۆشنایی بڕگەی (دووەم) لە بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق ژمارە (11) لە 1992/8/31 بڕیارماندا:

1- کار پێ کردنی (یاسای هاتووچۆ)ی دەرچوو بە بڕیاری دەسەڵاتی هاوپەیمانی کاتی – پێشوو ژمارە (86) ساڵی 2004 لە هەرێمی کوردستان - عێراق.

2- دەسەڵاتە تایبەتمەندەکانی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتەکانی ئاماژە پێدراو لە یاساکەدا بەکار دەهێنن لە سنووری هەرێمی کوردستاندا.

3- (دەستەواژەی ماددەی) جێگەی دەستەواژەی (القسم رقم) دەگرێتەوە لە هەر شوێنێکی یاسای ئاماژە پێدراو هاتبێت.

4- ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی هەرێمی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قرار

استناداً الى احكام الفقرة (1) من المادة (56) من قانون المجلس الوطني لكوردستان – العراق رقم (1) لسنة 1992 وفي ضوء الفقرة (الثانية) من قرار المجلس الوطني لكوردستان – العراق رقم (11) في 1992/8/31 قررنا مايلي:

1- انفاذ (قانون المرور) الصادر بموجب امر سلطة الائتلاف المؤقتة – الملغية – رقم (86) لسنة 2004 في اقليم كوردستان – العراق.

2- تمارس السلطات المختصة في حكومة اقليم كوردستان الصلاحيات والسلطات الواردة في القانون المذكور في الفقرة (1) اعلان فيما يخص الاقليم.

3- تحل كلمة (المادة) محل عبارة (القسم رقم) اينما وردت في القانون المذكور.

4- ينفذ هذا القرار من تاريخ صدوره وينشر في جريدة (وقائع اقليم كوردستان) الرسمية.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

زۆر زۆر بەخێرهاتنی ڕێزدار وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ ڕێزدار کاك کەریم سنجاری دەکەین، هەروەها زۆر زۆر بەخێرهاتنی کاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین، کە ئەو دوو بەڕێزە بەردەوام لەگەڵمانن، بەتایبەتی وەزیری هەرێم بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان لە تیرۆریستان لە ئەوانەی کە خراپکاری دەکەن، دەورێکی باڵایان هەیە، جێگەی ڕێزو تەقدیرن بۆ ئێمە، دووبارە بەخێرهاتنیان دەکەین، زۆر سوپاس، ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ تکایە.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی (2007/11/28) لیژنەی کاروباری ناوخۆ بە مەبەستی گفتوگۆ کردن و لێکۆڵینەوە لەسەر (پرۆژەی یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای هاتووچۆی فیدراڵ ژمارە (86)ی ساڵی 2004) لە هەرێمی کوردستان – عێراق، کە خوێندنەوەی یەکەمی لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لە ڕۆژی (2007/11/26) لە دانیشتنی ژمارە (26) بۆ کرا، بۆ لیژنەکەمان نێردرا، لیژنەکەمان لە ڕۆژی ئاماژە پێکراو کۆبوونەوەی خۆی لەسەر ئەم پرۆژەیە کردو بیرو ڕا ئاڵوگۆڕ کران و لە ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی (2007/12/3) لیژنەکەمان لەگەڵ شاندێك لە بەرپرسانی هاتووچۆ کۆبوونەوەی کرد، کە پێکهات بوون لە بەڕێوەبەری گشتی هاتووچۆی هەولێرو بەڕێوەبەری هاتووچۆی ناو شارو ڕێگاکانی دەرەوەی هەولێرو دهۆك و زاخۆو بەرپرسە یاسایەکان و ڕاگەیاندنی هاتووچۆ، هەروەها شاندێك لە لیژنەی کاروباری ناوخۆ سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سلێمانی کرد، لە ئەنجامدا لیژنەکەمان دوای گفتوگۆو ڕا گۆڕینەوەو پێشنیار، ڕاسپاردەکانی خۆی بەم شێوەیە کە لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە پێشکەش دەکات:

1- لیژنەکەمان بە زۆرینەی دەنگەکان پشتگیری ئەو پرۆژەیە دەکات و کەمینە لەگەڵ ئەوە بوون کە هەرێمی کوردستان دەبێت یاساییەکی تایبەتمەندی خۆی هەبێت، بەتایبەتی کە ئەم بابەتە لەنێو دەسەڵاتە حەصریەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراق نییە، لیژنەکەمان ئامادەیی خۆی دەردەبڕێ، کە بەزووترین کات پرۆژەیەك بەو مەبەستە ئامادە بکات، ئەگەر فەرمان بدەن لەو ناحیەیە.

سەبارەت بە ناحیەکانی تر، ئەگەر ئیجازە بدەن پاش خوێندنەوەی ماددە بە ماددە پێشنیارەکانی خۆمان بخەینەڕوو، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕەئیتان فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای موقەدیمە یەکسەر دێمە سەر خاڵەکان، جێ بەجێ کردنی یاسا، بە یاسا دەکرێت، لەبەر ئەوە لیژنەکەمان ڕەئی وایە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە یاسایەك دابنێت، نەك بڕیار، وەك لە پرۆژەکەدا هاتووە، هەروەها لیژنە ڕاسپاردەی ئەوەیە، کە ماددەکان دووبارە دابڕێژرێتەوەو هەردوو بڕگەی دوو و سێ لە پرۆژەکە ئیلغا بکرێن، چەند ماددەیەکی پرۆتۆکۆلی میکانیزمی بۆ زیاد بکرێت وەك ئەمانەی خوارەوە:

یەکەم/ ماددەی یەکەم/ جێ بەجێ کردنی یاسای هاتووچۆی فیدراڵی ژمارە (86)ی ساڵی 2004 لە هەرێمی کوردستان - عێراق و کار کردن بە حوکمەکانی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەم بە زمانی عەرەبی صیاغەکە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

المادة الاولى:

انفاذ قانون المرور الاتحادي المرقم 86 لسنة 2004 في اقليم كوردستان – العراق والعمل بأحكامه.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی ئێمە هەردوو وەزارەت لێرەو لە سلێمانی دانیشتین و گفتوگۆیەکی زۆرمان کرد لەسەر ئەم یاسایە، تەبیعی ئەمە یاسایەکی پێشکەوتووە، لە قانونەکانی دەوڵەتانی پێشکەوتوو وەرگیراوە، ئێمە لە کوردستان تا ئێستا دوو یاسا جێ بەجێ دەکەین، یەك/ یاسای ژمارە (48)ی ساڵی 1971ی عێراقی، ئەمە یاساییەکی کۆنە سی و شەش، سی و حەوت ساڵی بەسەردا چووە، هەروەها یاسای ڕێکخستنی غەرامەکانی هاتووچۆی هەرێمی کوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2004 کە لە پەرلەمان دەرچووە، ئەم دوو یاسایە یاسای کۆنن، بەڕاستی ئەم یاسایە یاساییەکی تازەیە، یەك لە ئەسبابی کە ئێمە زۆر تەشجیعی دەکەین، ئەم یاسایە تەتبیق بکرێت، بەڕێزتان فەرمووتان نەخوێندەوارەکان، فیعلەن ئێمە ژمارەیەکی زۆرمان هەیە نەخوێندەوارن، داوای ئیجازە دەکەن، ئێمە ناتوانین ئیجازەیان پێ بدەین، چونکە قانونی ژمارە (48) ڕێگامان ناداتێ ئیجازەیان پێ بدەین، ئەم قانونە ڕێگا دەدات، تا ئێستا لە هەولێر دوازدە هەزار کەسی نەخوێندەوار تەقدیمی کردووە بۆ ئیجازە، هەروەها لە سلێمانی و لە دهۆك، ڕاستە ئێمە پێویستیمان بە یاسایەکی مروری تایبەتمان هەیە، من تەئیدی دەکەم، بەڵام ئێمە لەگەڵ عێراقین، لێرە شوفێری ئێمە

سەيارە لێ دەخوڕێت دەچێتە بەغدا، لێرە قانونێکی بەسەردا تەتبیق دەکرێت، لە بەغدا قانونێکی تری بەسەردا تەتبیق دەکرێت، جا لەبەر ئەوە یاسایيەکی موەحەد هەبێت، هەموو عێراق بەڕاستی لە بەرژەوەندی شوفێرەکانەو لە بەرژەوەندی هەموو لایەکە، ئەم قانونە سەلاحیات دەدات 50٪ بە غەرامات کە وەردەگیرێت بدرێتە وەزارەتی ناوخۆ بۆ تەتویری مروری، بەڕاستی ئەمە دەزگاکانی مرور دەتوانن ئیستیفادەیەکی زۆر باش لەو پارەیە بکەن، بۆ ئەوەی تەتویری مروری خۆمانی پێ بکەین، لە هەمان کات سەلاحیات دراوە بە وەزیری ناوخۆ و وەزیری دارایی، شێوەی غەراماتەکان زیاد بکرێت، یان کەم بکرێتەوە، بەپێی زروف، ئەمەی کە ئێستا هەیە، ئێمە موقەیەدین ناتوانین هیچ بکەین، بۆیە ئێمە داوا دەکەین کە ئەم یاسایە قوەتی نەفازی پێ بدرێت لە کوردستان، ئەگەر پەرلەمانی بەڕێز بە پەسندی دەزانێت قانونێکی تایبەتمەند بەخۆمان هەبێت، ئەوە دەتوانێت لە موستەقبەلدا، چونکە ئێستا ئەگەر داوای قانونێکی تایبەتمەند بکەین، ئیحتیمالە ساڵێکی تر بکێشێت تا ئێمە وەردەگرین، ئێستا ئێمە زۆر پێویستیمان بەو قانونەیە، ئەو قانونە قوەتی نەفازی پێ بدرێت و لە کوردستانیش جێ بەجێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس بۆ بەڕێزتان، لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیر ئیشارەتی نەدا بە دەرچوونی قانونێکی دیکە لە هەرێمی کوردستان، لە ژێر ژمارە (27) ساڵی 2004، ئەویش ماوەیەکی پێ درا بوو کە کار پێ بکرێت، ماوەکە تێپەڕ بوو، شەش مانگەکە کورت بوو، هەر ویستم ئاماژە بەو خاڵە بکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت لەسەر ئەو ماددەیە گفتوگۆ بکەن، تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، بۆ ئەوەی ناویان بنووسم، ئەم بەڕێزانەی کە مولاحەزەیان هەیە، ئەم داخوازیە بۆ ئەم یاسایە ئەوەیە، کە ئایا ئەم یاسایە نەفاز بێت، بەردەوام بێت، ئیشی پێ بکەین، یان رای بگرین و ئیشی پێ نەکەین، لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و جەنابی وەزیریش رەئی ئەوەیە کە نەفاز بێت، چونکە لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە، بەتایبەت لەم زروفە کە هەرێمی کوردستان پێدا دەرباز دەبێت، ئێستا ئەگەر بەڕێزێك رەئیەکی هەیە لەو بارەیەوە پێمان بڵێن با ناویان بنووسین، کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی منیش پشتگیری ئەو پرۆژەیە دەکەم، پرۆژەیەکی زۆر زۆر بەسوودە، کە لەم قۆناغەدا دەربچێت، بەتایبەتی کە تەماشا دەکەین ئەمڕۆ لە کوردستان بەشێوەیەکی گشتی خەڵکێکی زۆر بەتایبەت ئەوانەی کە

شوفێری تەکسیەکانن مۆڵەتیان نییە، بەهۆی نەخوێندەواری، کە بەخۆشت باسی ئەوەت کرد، کە زروفی کوردستان وا بووە بەشێك نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام ئەو یاسایە دەربکرێت، بەڵام دەبێت ئێمە تایبەتمەندی هەرێمی کوردستانیش رەچاو بکەین، بۆ ئەو مەبەستە ئێستا ئیش بەو یاسایە بکرێت، لە داهاتوو و نزیکدا کار بکرێت کە یاساییەك تایبەت بە هەرێمی کوردستانیش دەربکرێت، ئەگەر ئێمە تەماشا بکەین زۆربەی بوارەکانی تر، راستە یاسای عێراقی هەیە، بەڵام یاسای تایبەتمان هەیە بە باشووری کوردستان، بە هەرێمی کوردستان و دەستووری عێراقیش ئەو مافە بداتن کە ئێمە یاسای تایبەت بە هەرێمەکان هەبێت لە کوردستان، یان لە هەر هەرێمێکی تر کە لە عێراق دروست دەبێت، بۆیە لەو روانگەیەوە پێم باشە ئەو یاسایە دەربچێت، باشتر کار بکرێت بە یاسای تایبەت بە هەرێمی کوردستانیش هەبێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە یاسایەکە دەکەین، بەس روون کردنەوەیەکم هەیە، ئەمە کە نەفاز دەکرێت، ئەو قانونە نابێت هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا بکرێت بۆ مەعلوماتی جەنابتان، لەبەر ئەوەی سەیارەیەك ئەگەر رەقەمی هەبێت لە موسڵ موخالەفەیەکی بکات، کە غەرامەی دەنێرنە هەولێرێ، چ هاتبێت موستەلەحاتەکان، بەو موستەلەحاتانە دەنێرن، ناکرێت ئێمە بڵێین لێرە ماددە، لەوێ بڵێین قسم، دەستکاری لەو یاسایە ناکرێت، تەنیا نەفاز دەکرێت، یەعنی کاری پێ دەکەین هەتا یاسایەکی تر دەردەچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

تێبینەکەت زۆر زۆر دروست و لە جێی خۆیەتی، چونکە ئەو یاسایەی ئێمە داماناوە، لەبەر ئەوە ئایا کاری پێ دەکەین؟ یان کاری پێ ناکەین، من پێشنیار دەکەم ئەگەر راستە لیژنەی ناوخۆ پێشنیارەکەی ئەوە بوو وەکو کاك غەفوریش تەئیدی کرد، لە داهاتوو یاسایەکی تر هەبێت، ئەوجا لە عەدەدی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، یان لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە پرۆژەیەکمان بۆ بێت موناقەشەی لەسەر بکەین، بەس ئێستا بۆ نەفازەکەی لەگەڵی بین، یان لەگەڵی نەبین، دەمێنێتەوە بۆ ئێوەی بەڕێز کە بڕیاری لەسەر بدەن، لیژنەی ناوخۆ کەرم بکە، تێبینیەکان بنووسن ناوی ئەو بەڕێزانەی کە نووسراوە تەواوی دەکەین، بەڕێز کاك شەوقی فەرموو.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەش بەحاڵی خۆم تەئیدی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و هەروەها روون کردنەوەکەی جەنابی وەزیری ناوخۆ دەکەم، سەبارەت بەو یاسایە کە نافیزی مەفعول بێت لە کوردستان، بەڵام لە هەمان کاتدا

بەڕێز وەزیری ناوخۆ ئـەوەی روون كـردەوە، كـە ناكرێـت لێـرە قانونێـك بێـت و لـەوێ قـانونێكی تـر بێـت، چونكە ئیشكالات دروست دەبێـت، بـەلاَم مـن پێشـنیاری ئـەوە دەكـەم، بەڕاسـتی هەرچـەندە حالّەتەكـە واش بێتن لە هەندێك مەسائیل پێویستە ئێمـە بـەش بـەحالّی خۆمـان لـە مەسـەلەی یاسـای هاتووچـۆ هەنـدێك تەشدیدمان هەبێت، بۆ نموونە لەناو شاری هەولێر یەعنی ئەو رۆژە من بە چاوی خۆ بینیم لەو جادە چل مەترییە سەیارەیەك یەعنی لە نەتیجەی سورعەتی ئەوەندە زۆر وەرگەڕا بوو هـەر چـوار تایـەی كـەوتبووە ئاسمان، بـە حەقیقـەت ئـەوە پێویسـتە سـنوورێكی بـۆ دابنرێـت، هـەتا لـە خـەتی خـارجیش سـنوورێكی بـۆ دابنرێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

تكایە ئێستا نیقاشمان لەسەر ئەو ماددەیە، ئەو تەوصیەو ئەو بۆچوونانە، ئەو ئینتیقادانە لە شوێنێكی تـر، تكایـە ئێسـتا ئێمـە باسمـان لەسـەر ئەمەیـە، تكایـە ئـەم قانونـە ئیجـازەی دەدات پەرلـەمانی كوردسـتان لـە كوردستان ببێتە یاساو لەسەری بەردەوام بـین و جـێ بـەجێ ببێـت، یـان نـا، تكایـە لـەو تـەوەرە دەرمەچـن، پاشان ئەگەر مولاحەزاتی تر هەبوو، دەتوانن تەقدیمی بكەن، دەتوانن بێن لە سەرۆكایەتی، یـان پرۆژەیـەك تەقدیم بكەن، یان بانگی وەزیر بكەن، ئەوە مەسەلەیەكی ترە، تكایە لەو تەوەرە دەرمەچن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەعنی لیژنە پێشنیاری ئەوەی كرد كە قانونێك پێشنیار بكرێت، یەعنی ئەوە رەئیە قانونێكە نافز دەكرێت لە كوردسـتان، مـن نـازانم بـۆ مـەجالی ئـەوە نـەبێت، كـە ئینسـان پێشـنیار بكـاتن كـە خـەم لـەم مەسـەلەیە دەخوات، بەتایبەتی ئەوە مەسەلەكە یەعنی رەبتی هەیە ئەو پێشنیارەی من بۆ ئەو قانونە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس، پێشنیار نەكراوە، ئەوە گوترا كە لە موستەقبەل بێتن، كاك سەعدەدین تكایە.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت نەفازی ئەو قانونە، یان عەدەم نەفازی، وابزانم پێشنیاری سـێیەمیش هەیـە، پێشـنیاری سـێیەم، یان یاساییەك بێت، یان نەفاز بێت، یان نەفاز نەكرێت ئەو قانونە، كە تـۆ نـەفازی قانونێـك دەكـەیت، لێـرە دەبێت (یترتب علیە احكام) چی لەسەر دروست دەبێت؟ حوكمی لەسەر دروست دەبێت، دەبێت مولاحـەزەی ئەوە بكرێتن، ئایا هەتا چەند نەفازی ئەو قانونە دیراسەی جەوانبی ئیجابی بكرێت، جـەوانبی سـەلبی ئـەو قانونە بكرێت، راستە یەعنی ئێستا كێشـەیەك هەیـە لەسـەر ئـەوەی كـە كۆمـەلێك خـەلّك هەیـە شـەهادەی نییە، ئیجازەی نادرێتێ، دەبێت ئەو كێشەیە حەل بكرێت، ئینجا ئایا ئەوە بـە قـەرار حـەل بكرێـت باشـترە؟

یان بە یاسایەك حەل بكرێت باشترە، مـن ڕەئـیم لەگـەڵ ئەوەیـە، ڕاسـتە یارمـەتی هاووڵاتیـان دەدات، بـەڵام ئەوها بە ڕەهائی نەبێت، بە موتڵەقی نەبێت، چونكە ئەگەر بە ڕەهائی بێـت نـەفازی ئـەو قانونـە بكـرێتن، ئیحتیمالی هەیە ئەو جانیبەی كە تەنفیزی قانونەكە دەكاتن، زیاتر شەرت و شروتەكان دەربچـێتن باشـترە، یەعنی هەتا لە دوەلی پێشكەوتوو، ئەو كابرایەی كە ئیجازەی دەدرێتێ، كتابێكی دەدرێتێ، ئـەو كتابـە چـوار سـەد پرسـیاری تێدایـە، هـەمووی لـە ئیشـارات و لـە قـەوانین و لـە قـەوانینی سـەیر و هاتووچـۆ، ئـەوە ئیسـتیفادەی لـێ دەكرێـت، مـن لەگـەڵ ئـەوە دامـە كـە وەكـو لیژنـەی نـاوخۆ دەڵێـت یاسـایەكی خاصـی پـێ دەربچێت باشترە، نەك ئەو یاسایەی پێشتر عەمەلی پێ بكرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ببوورە، مەشروعەكە هاتووە، بەند بە بەند لە عمومیات قسە ناكرێت، كێ شتێكی هەیە، ئەگـەر ئیعـتیرازی لەسەر هەبێت بڵێت ئەم ئەسبابانە، ناكرێت ئەنـدامی پەرلـەمان بڵێـت بـە ڕەئـی مـن، ڕەئیەكەشـی نـەزانین چیە، بە ڕەئی من نابێت، دەبێت بڵێت یەك، دوو، ئەمە ڕەئی منە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس، ڕەئیەكەت گەیشت و دروستیشە، نوقتەیەكی نیزامی بوو، كاك كەریم بەحری فەرموو.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی تێبینیەكەی من ڕێكارییە، واتا ئیجرائیە، ئـەو پـرۆژە یاسـاییە دەقـی یاسـایەكە بەسـەر ئەنـدامانی بەڕێز پێموایە دابەش نەكراوە، كە دابەش نەكراوە، دەبوایـە دەقـی ئـەو یاسـایە بخوێنـدرا بوایـەوە، چـونكە ئێمە دەنگ بۆ یاساییەك دەدەین دەبێت بزانین چی تێدایە، دەبێت دەقی ئەو یاسایە بخوێندرا بوایەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

كاك فرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەقریبەن لە 11/15 ئەم پرۆژەیە بۆ ئێمە هاتووە، لەمێژە داخیلی بەرنامـەی كـار كـراوە، ئـەوە مـەفروزە ئەندامان داوای ئەوە بكەن، كاروباری ئەنجومەن لەوێیە، خۆ دەتـوانین ئیسـتینساخی بكـەین پێیـان بـدەین، وەكی هەموویان خۆیان بێ دەنگ بكەن، بێن لە ناو جەلسە ئیسارە بكەن، ئێستا مـن نـازانم دابـەش كـراوە، یان دابەش نەكراوە بەڕاستی، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

بەڕێز كاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بەپێچەوانەم لەگەڵ ڕەئیەكەی كاك كەریم بەحری، چونكە هەر ئەندامێك لە ئەندامانی پەرلەمان مولزەمە، كە قانونێك دێتە پەرلەمان خۆی بچێت موتابەعەی بكات، مەصادرەكە وەربگرێت و بیخوێنێتەوە، پێی ناوێت ئێمە بۆ هەر یەكەیان لە چەكمەجە دابنێین، ئەی ئیشی ئەندام پەرلەمان چیە، موشەڕیعە، سەبارەت بە قسەكانی مامۆستا سەعدەدین با وەڵامی ئەویش بدەمەوە، مامۆستا سەعدەدین دەبوایە قانونەكەی بخوێنێتەوە بەباشی، ئەو شتانەی كە ئیشارەتی پێ دەدات لە 11/26 خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە، لەو ماوەیەدا دەبوایە خۆی بەجوانی ئیتیلاعی لەسەر بكات و خۆی ئامادە كرد بوایە، پێشنیارەكانی چ بوو دەبوایە پێشكەشی كرد بوایە، ئێستا مەبەستمان لە دانیشتنی ئەمڕۆ ئەوەیە، عەجەبە ئەو قانونە ئینفاز بكرێت لە كوردستان، یان نا، لەوەی زیاتر نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

كاك كەریم نوقتەی نیزامیت هەیە، بەس نیزامی بێت فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵێ نوقتەی نیزامیە، لە ئەركە سەرەكیەكانی سكرتاریەتی پەرلەمان ئەوەیە پرۆژە یاسایەكان بخاتە بەر دەستی ئەندامانی بەڕێز و سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس، بەڕێز لیژنەی ناوخۆ تكایە.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارانەی ئەو برادەرانە دایان، پێشنیاری زۆر زۆر چاك بوون، كاك غەفور باسی ئەوەی كرد، كە دەبێت ئێمە یاسایەكی تایبەتمەندمان هەبێت، بەڵێ ئێمە لە لیژنەی كاروباری ناوخۆش ئەو پێشنیارەمان كردووە، تەقریبەن ڕاپۆرتی ئێمەو لیژنەی یاسایی یەكە، تەنها هەماهەنگیمان هەیە، هەمان شتە، چەند خیلافێكمان هەیە، ئێستا ماددەیەكمان ئیزافە كردووە، (یعمل بهذا القانون لحین صدور قانون مرور خاص بالاقلیم)، واتا كاری پێ دەكرێت، تاكو ئێمە یاساییەكی خۆمان دەبێتن.

سەبارەت بەوەی مام ڕەشاد كە گوتی قسم و مادده، خۆی لە ئەسڵی پرۆژەكەی كە هاتووە، ماددەی سێ باسی ئەوە دەكات (تحل كلمه (المادە) محل عبارە (القسم رقم))، بەلام ئێمە كە لەگەڵ برادەرانی بەرپرسانی بەڕێوەبەری هاتووچۆ لەگەڵیان دانیشتین، باسی ئەوەیان كرد، كە هەندێك جار غەرامەت هەیە لێرەو لە موسڵ و لە كەركووك، جەنابی وەزیریش ڕوونی كردەوە، دەبێت بۆیان بنێرین و یەعنی كە ئێمە دەنووسین

مادده ئەوەنـده، قسم و مـادده مەشاكيل دروسـت دەكـات، بۆيـه پێشـنياری ئێمـەو لیژنـەی ياسـايی كـه ئـەو ماددەيە لاببرێت، واتا هەر قسم و رەقم بمێنێت.

سەبارەت بەوەی كاك شـەوقی، بەحەقيقـەت ئەگـەر ياسـايەكەت خوێنـد بێتـەوە هـەمووی تێدايـە، تەشـديد يەكجار زۆرە، زۆر جياوازی هەيە لەگەڵ قانونەكەی ساڵی 1971 كە غەرامـە تـەنها بـە دينـار بـوو، دينـاری ئاسـنی چـەند دينارێـك، ئێسـتا پـەنجا هـەزارەو سـەد هـەزارە، هـەروەكو جـەنابی وەزيـريش باسـی كـرد، سەلاْحياتی جەنابی وەزيرە دەستكاريش بكات لـە هەنـدێك حاڵـەت بـەپێی تـەتوری كۆمـەڵگاو تـەتوری ئـەو بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

كەرەم بكە كاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ديـاره هـەر بـۆ زيـاتر دڵنيـايی بـەڕێزان ئەنـدامان، جـەنابی وەزيـر ئامـاژەی كـرد، كـه ديراسـەيان كـردووە، وەزارەت و هاتووچۆش، ئەم ياسای ژمارە (86)ە لە ساڵی 2004ەوە خزمەتێكی بـاش دەكـات بەهاتووچۆ و بە هاووڵاتيان، جێگەی ياساكانی كوردستان دەگرێتەوە، كە مەجالی تيا نـەبوو، بـەڕێزتان ئەگـەر ئاگاتـان لـە ميديايەكان بێت، هاووڵاتيان زۆر لەو بابەتە موشكيلەيان هەبوو، ئەم ياسايە موشكيلەكان هەمووی بـۆ جـێ بەجێ دەكات، ئەو ياسايەش تەوزيع كرا لـە سـندوقەكان هـەبوو، دەبـوو بـەڕێزان بگـەڕێن بـۆ ياسـای ژمـارە (86)ی سـاڵی 2004، لـە ئەنتـەرنێت بـۆی دەردەهێـنن، ئـەو كاتـە مـەعلومات وەردەگريـت، ئەگـەر مولاحەزەيەكت هەبوو موناقەشەی دەكەيت، بەس ئەمە ياسايەكی باشـەو زۆر چاكە، چارەسـەری كێشـەكان دەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە هەموو عالەمدا وڵاتێك مـەفروزە بـە نيسـبەتێك هاتبێـت قانونەكـەی موەحـەد بێـت، هەرچـەندە ئێمـە گوتومانە هەندێك شت، يەعنی جائيزە هەندێك تەعديلات و ئەو شتانە، بەڵام نوقتـە ئەساسـيەكان دەبێـت موشتەرەك بێت، چونكە ئەو سەيارەيەی كە لە بەغداوە لێی دەخوڕێت بـۆ كوردسـتان، لێـرەوە دەچـێت بـۆ ئەوێ، هەموو ئەو شەرت و شروتانەی بۆ لێخورين و بۆ حيساب و كتاب دەبێت موەحـەد بێـت، لەبـەر ئـەوە ناكرێت شتێكی جياواز بێـت، ئـەو خـاڵ و نوقاتانـەی كـە لـەناو بڵێين ئـەم ماددەيـەدا هەيـە هـەموو لايـەك دەبێت پێی بزانێت چۆن دەڕوات؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

بەنیسبەت ئەوەی کە قانونی تازە ئیشی پێ بکەین، یان قانونی تازە، لەڕاستی کە قانونی تازە هات ئینجا موناقەشەی دەکەین، با جارێ ئێمە بەردەوام بین قسەشی لەسەر ناکەین، جەنابی وەزیر رەئیتان دەربارەی ئەو موداخەلەیەی ئەندامان تکایە.

**بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر تەعلیقێکم هەیە لەسەر قسەکانی مامۆستا سەعدەدین، کە ئیجازە چۆن دەدرێت؟ لە ولاَتان چوار سەد پرسیار دەکرێت، نازانم دوو سەد پرسیار، نازانم دیارە مامۆستا سەعدەدین ئیجازەی سیاقەی وەرنەگرتووە لێرە، لێرەش هەمان شتە مەجموعە پرسیارێکی زۆر زۆر بە تەحریری و بە شەفەهی دەکات، ئینجا میکانیك، ئینجا سوار بوون، ئێستا دەمەوێت بۆ برایانی ئەندامانی پەرلەمان تەوزیح بکەم، ئێمە لە مانگی داهاتوو گەورەترین و تازەترین سیستەمی ئیجازە لە عالەمدا لە هەولێر جێ بەجێی دەکەین، ئیتیفاقمان کردووە لەگەڵ کۆریا، کۆریا بۆ ئێمەی دروست کردووە، وەك مونەزەمەی کۆنکا، کە پێشکەوتووترین سیستەمە، شورتەی مرور لەگەڵ سائیقەکە سوار نابێت، سائیق بە تەنیا خۆی سوار دەبێت و سەیارەکە لێ دەخورێت، لە ساحەکەدا غەڵەت بکات، غەڵەت نەکات، ئۆتۆماتیکیەن هەمووی بە کۆمپیوتەر دێت تەقدیم دەکات، کە ئیمتیحانەکەی دەکات بە کۆمپیوتەر لەوێ وەلاَمی دەدرێتەوە، ئەوەش بۆ ئەوەمان هێناوە، چونکە ئەوەندە دیعایە دەکەن دەڵێن پۆلیس یارمەتی ئەوی داو رشوەتی وەرگرت، ئێستا پۆلیس تەدەخول ناکات، پێشکەوتووترین جیهازە لە عالەم، پێم خۆشە برایانی پەرلەمان بچن سەردانیشی بکەن ببینن چۆنە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، لیژنەی یاسایی تکایە ئاخیر نەصەکە بخوێنەوە، بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى:

انفاذ قانون المرور الاتحادي المرقم 86 لسنة 2004 في اقليم كوردستان – العراق والعمل بأحكامه.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەم:

یاسای هاتووچۆی فیدراڵی ژمارە (86)ی ساڵی 2004 لە هەرێمی کوردستان - عێراق جێ بەجێ دەکرێ و کار کردن بە حوکمەکانی.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کەمال کەرکووکی):**

ئێستا ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە، فەرموو نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز سوارە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوام کرد کە قسەی لەسەر بکەم، بەڵام تۆ مەجالت نەدا، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ببوورە، ناوت هەیەو سڕیشمانەوە، هەروەکو بڵێی قسەت کردووە، داوای لێبوردن دەکەم، فەرموو کەرەم بکە قسە بکە، فەرموو، بەڕێزان، ئێستا ماددەکە دەخەمە دەنگدانـەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیـە کـە مـاددەی یـەك لـە قەرارەکە وەکو خوێندرایەوە لەلایەن لیژنەی یاسایی بەبێ گۆڕانکاری دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، سـوپاس، ڕێزمـان بـۆ ڕەئـی کاك سەعدەدین هەیە حەقی خۆیەتی، وەکو پەرلەمانتارێك ڕەئی خۆی دەربڕێت و لێشی ناپرسین بـۆ، زۆر سوپاس، تکایە ماددەی دووەم لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگەی دوو و سێ لە پرۆژەکە، لیژنەی یاسایی پێشنیاری کردووە، کـە هـەردووکی ئیلغـا بکرێـت، ئـەو ماددانــەی کــە صــیاغە کــراوە لــە جیــاتی ئــەو ماددانــە تەســبیت بکرێــت، جــا ئەگــەر پێتــان باشــە بیخوێنینەوە، یان هەر وا بێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کەرەم بکە بیخوێنەوە فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

2- تمارس السلطات المختصة في حكومة اقليم كوردستان الصلاحيات والسلطات الـواردة في القـانون المـذكور في الفقرة (1) اعلا فيما يخص الاقليم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

تکایە پێشنیاری لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە داوامان کردووە ئیلغا بکرێت، لەبەر ئەوەی تەحصیل حاصلە، کە قانونێك دەردەچێت نـەفاز بکرێـت، سوڵتەی مەعنی هەڵدەستێت بە جێ بەجێ کردنی یاسایەکە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هەمان تێبینیمان هەیە، پێشنیارمان كردووە ماددەی دوو و سێ ئیلغا بكرێت، ماددەی دوو وەكو كاك عەونی باسی كرد تەحصیل حاصلە، ئەگەر یاسایەكە بخوێنینەوە باسی ئەوەی ناكات مەسەلەن وەزارەتی ناوخۆی عێراقە، یان فلان شوێنە، بەڵكو تەنزیمە بۆ ئەوەی شوێنی مەركەبات و عقوبات و غەرامات و یەعنی وەكو كاك عەونی باسی كرد تەحصیل حاصلە، ماددەی سێش، ئێمە كە لەگەڵ بەرپرسانی هاتووچۆ دانیشتین خۆیان داوایان كرد كە قسم و ماددە ئەوەی مام ڕەشادیش باسی كرد، هەروەكو شوێنەكانی تری عێراق بێتن، خۆی لە ئەسڵی پرۆژەكە دەڵێت بگۆڕدرێت قسم و ماددە بكرێتە ماددە، ئێمە پێشنیار دەكەین هەر وەكو خۆی بێت، تاكو هەماهەنگی لەگەڵ شوێنەكانی تری عێراقی بێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

كاك فرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو قانونە، قانونێكی ئیتیحادییە، من نازانم لەوانەیە ناوی لە دەزگاكانی ئیتیحادی تێدا هاتبێت، بە ڕەئی من نەصەك زەرورییە تێدا بێت (تحل سلطات اقلیم كوردستان محل السلطات الاتحادیة لتنفیذ احكام هذا القانون)، داكو تووشی ئیشكالێك نەبین، سبەی یەكێك بە ئێمە بڵێت وەزیری داخلیەی عێراقە، یان مودیر عامی مرور، یەعنی مودیر عامی ئیتیحادییە، بە ڕەئی من زەرورییە ئەو ماددەی تێدا بێت، صیغەكەش بەو شێوەیە بێت (تحل سلطات اقلیم كوردستان العراق محل السلطات الاتحادیة لتنفیذ احكام هذا القانون)، ئەگەر برادەران ڕەئییان لەسەر بێت (اینما وردت في هذا القانون).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

لیژنەی یاسایی تكایە ڕەئیتان.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە قانونی ژمارە (86)ی ساڵی 2004 بەجوانی خوێندمانەوە، هیچ ماددەیەكی تێدا نییە، بڵێت جیهەی مەعنی ئیختیلافی هەیە لە كوردستان لەگەڵ عێراق، لەبەر ئەوەی هەرچەندە پێشنیاری كاك فرسەت شتێكی خراپ نییە، بەلآم زیادە، پێی ناوێت بە تەقدیری من، بۆیە ئێمە داوامان كرد بڕگەی دوو ئەسڵەن لەغو بێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان تكایە.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە موتەفیقین لەگەڵ لیژنـەی یاسایی، ئێمـەش یاسـایەکەمان خوێندۆتـەوە، هـیچ بڕگەیـەك، ماددەیـەك، یاخود قسمێك، رەقمێك نییە باسی وەزارەتی ناوخۆی ئیتیحادی بکات، یان وەزارەتی ناوخۆی هـەرێم بکـات، بەلأم ئەو پێشنیارەی کاك فرسەت کردی، ئەگەر هەشبێت هیچ زەرەرێکی نییە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئێمەش پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاك فرسەت دەکەین، چونکە لێرە وازیحە بێت بۆ هەموو هاوولأتیەك کە سوڵتاتی ئیقلیم و کوردستان، ئێستا داوا لە جەنابی وەزیر دەکەین رەئی بدات.

**بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەم قانونـە بـۆ عێـراق دانـراوە، یـەعنی سـوڵتاتی ئیتیحـادی تەحصـیل حاصـلە، جـا لەبـەر ئـەوە ئـەو ماددەیەی کە کاك فرسەت دەڵێت ئیزافە بکرێت باشترە، بۆ ئەوەی سبەینێ هیچ گومانێك، یان غوموزیـەتی تێدا نەبێت، من تەئید دەکەم کە ماددەکە ئیزافە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئێستا رێزدارانی ئەندامانی پەرلەمان، ئەوانەی دەیانەوێت لەو بارەیەوە قسە بکـەن ناویـان دەنووسـم، کـاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی لە ئەسڵەکەدا هەیە، یەعنی لە ماددەی چواردا (علی مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقـة تنفیـذ احكـام هذا القرار)، مادام ئەوە هەیە پێویستی بەوە نییە، لە ئەسڵی قەرارەکەش.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

پێش ئەوەی کاك محەمەد فەرەج قسە بکات، لیژنـەی یاسـایی پێشـنیاری خۆیـان سـەحب کـردەوە، تەئیـدی ئیزافەی پێشنیارەکەی رێزدار کاك فرسەت دەکەن، لیژنەی ناوخۆش بە هەمان شێوە پێشـنیارەکەی خۆیـان سەحب کرد، پشتیوانی لە پێشنیارەکەی کاك فرسەت دەکەن، فەرموو کاك فرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لە سەفحە شەش هاتووە، قسمی شەش (لوزیر الداخلیة – مدیریة المرور العامة)، تەبعەن مەقصود بـە وەزیری داخلیەی عێراقە، مودیریەی مروری بەغدایە، لەبەر ئەوە ئیحتیمال هەیە لە بەر پەڕەکانی تریش شتی وا دووبارە بێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئێستا کاك محەمەد فەرەج کەرەم بکە، ئەگەر قسەت ماوە، فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە قەرارەکە لە دووەم (تمارس السلطات المختصة في حكومة اقليم كوردستان الصلاحيات والسلطات الواردة في القانون المذكور في الفقرة (1) اعلا فيما يخص الاقليم)، یەعنی زۆر وازیحە، ئیتر ئەمەی ئیزافە دەکەیت بۆ کوێ، یەعنی لەمە وازیحتر هەیە لە فەقەرە دوو، جەنابت سەیر بکە لە ئەسڵی قەرارەکە لە فەقەرە دوو زۆر بە وازیحی هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێز کاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری پێشنیاری سکرتێری پەرلەمان دەکەم، بەڕاستی هەر قانونێك ئەوەی عێراقی فیدراڵی بێت، کە ئێمە لێرە بە پەسندی بزانین و پەسندی بکەین، دەبێت تەخویلی سوڵتاتی هەرێمی کوردستان بکەین، بۆ ئەوەی جێ بەجێ بکاتن، ئەگەرنا لەوانەیە تووشی ئیزدواجیات و تووشی ئیشکالیات بین، لەوانەشە سوڵتاتی مەرکەزی فیدراڵی تەداخول بکات و بێت بڵێت ئەوە سەلاحیاتی خۆمانە، لەبەر ئەوە بەپێویستی دەزانم فەقەرە دوو ئەگەر وەکو خۆی بمێنێتن، یان پێشنیارەکە هەردووکی دروستە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێز کاك غەفور مەخموری فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو پێشنیارەی کاك فرسەت کردی، پێشنیارێکە زۆر لەجێی خۆی دایە، ئێمە لە زۆربەی زۆری یاسایەکان، هەتا لە یاسای شەریکات، لە یاسای وەکالاتی تیجاری لەوانە ئێمە هەمووی ئەو ماددەیەمان زیاد کردووە، چونکە ئەو یاسایە لە کوردستان جێ بەجێ دەکرێت، بۆیە مەسەلەی ئەوەی دووەم بەڕاستی ئەوە لا بچێتن، ئەوەی کاك فرسەت شوێنی خاڵی دووەم بگرێتەوە زۆر یاسایی ترە لە داڕشتنەکەی، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێز کاك فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە ڕەئیەکەی کاك فرسەت دەکەم و سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێز کاك ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشترە ئەوەیە برگەی دوو بمێنێتن (تمارس السلطات المختصة في حكومة اقليم كوردستان الصلاحيات والسلطات الواردة في القانون المذكور في الفقرة (1) اعلا فيما يخص الاقليم)، لە برگەی یەکەمیش خۆ بە وازیحی هاتووە، کە دەڵێتن (انفاذ (قانون المرور) الصادر بموجب امر سلطة الائتلاف المؤقتة – الملغية – رقم (86) لسنة 2004 في اقليم كوردستان – العراق)، هەر شتێکی ئیقلیمی کوردستان زیکر کرا، کێ تەنفیزی دەکات؟ ئەوەی مەعنیە لە ئیقلیمی کوردستان، یەعنی ئەگەر بڵێین و نەڵێین بە فەقەرەی یەکەم حەقی خۆمانە مومارەسەی ئەو سوڵتاتەی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان، ئێستا موناقەشە تەواو بوو، موقتەرەحێك هەیە کە ببێتە بەدیلی ماددەی دوو، ماددەی دوو لابدرێت، ئەو موقتەرەحەی کە پشتیوانی کرا لە لایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ پێشنیاری ڕێزدار کاك فرسەت، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، ئاخیر صیاغە بخوێندرێتەوە، لیژنەی یاسایی تکایە بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: تحل السلطات المختصة في اقليم كوردستان - العراق محل السلطات الاتحادية اينما وردت في هذا القانون.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان - عێراق شوێنی دەسەڵاتەکانی فیدراڵی دەگرنەوە لە هەر شوێنێکدا لە یاساکەدا هاتبێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان، ئێستا ئەو موقتەرەحەی کە کرا بە کوردی و عەرەبی خوێندرایەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، تکایە لیژنەی یاسایی ماددەی سێ بە کوردی و عەرەبی بخوێندرێتەوەو ڕەئیتان لەسەری.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: تحل كلمة (المادة) محل عبارة (القسم رقم) اينما وردت في القانون المذكور.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم:

(دەستەواژەی ماددەی) جێگەی دەستەواژەی (القسم رقم) دەگرێتەوە لە هەر شوێنێکی یاسای ئاماژە پێدراو هاتبێت.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە لەوەی پێشتر تەوزیحمان کرد، گوتمان داوامان کردووە، ئەو فەقەرەیە نەمێنێت، لەبەر ئەو هۆیانەی کە کاك سەردار بە وازیحی تەوزیحی کردەوەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش پێشنیارمان کردووە ماددەی سێ لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ڕەئی جەنابی وەزیر تکایە لەو بوارەوە کە پێشنیار کراوە ماددەی سێ لابرێت.

**بەڕێز كريم سنجارى/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری دەکەین کە لابدرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئێستا لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و ڕێزدار جەنابی وەزیر هەموو پێشنیارە دەکەن، کە ماددەی سێ لابچێت، ئەگەر کەس شتێکی لەسەر نەبێت دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە کە ماددەی سێ لابدرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ ماددەی سێ لادرا، سوپاس، لیژنەی یاسایی تکایە ماددەی چوار.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمه له لیژنـەی یاسایی پێشنیارمان كـردووه دوو مـادده ئیزافـه بكرێـت بـه ئیلغـا كردنـی (قـانون تنظـیم الغرامات المرورية رقم 4 لسنة 2000)، هەروەها قانونی ژماره 27 ساڵی 2004.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

تكایه به كوردی و عەرەبیش پێشنیارەكەتان بخوێنەوەو بزانین چۆنه.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم:

یاسای ڕێكخستنی غەرامەی هاتووچۆ ژماره (4)ی ساڵی 2000 كـه لـه ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێراق دەرچوو ئیلغا دەكرێت.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:

يلغى قانون تنظيم الغرامات المرورية رقم (4) لسنة 2000 الصادر عن المجلس الوطني لكوردستان العراق.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان تكایه.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەش هەمان تێبینیمان هەیه، دوو یاسا هەیه پێویسته ئیلغا بكرێت، یەكەمیان/ یاسای غەراماتی مـروری ژماره (4)ی ساڵی 2000، یاسای ژماره (27)ی سـاڵی 2004، جیاوازیمـان لەگـەڵ لیژنـەی یاسـایی ئەوەیـە، ئێمـە هـەردوو ئیلغایەكـەمان بـە یـەك مـادده كـردووه، ئـەوان بـە دوو ماددەیـە، مـن بـە عەرەبییەكـەی دەیخوێنمەوه، كاك جەمال به كوردیەكەی.

المـادة الثانيـة: يلغـى قـانون الغرامـات المروريـة رقـم (4) لسـنة (2000) والقـانون (27) لسـنة (2004) الصادران من المجلس الوطني لكوردستان – العراق.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم:

یاسای ڕێكخستنی غەرامەی هاتووچۆی ژماره (4)ی ساڵی (2000)و یاسای ژماره (27)ی ساڵی (2004) كه له ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق دەرچوون هەڵدەوەشێنەوه.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

ڕێزدار جەنابی وەزیر ڕەئیتان تكایه.

**بەڕێز كريم سنجاری/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری دەكەین، ئینجا گرنگ نییە یەك مادده بێت، یان دوو مادده بێت، موشكیلە نییە، ئەوە صیاغەكەیە، گرنگ ئەوەیە نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی دەیانەوێت لەو بوارەوە قسە بكەن ناویان بنووسم، كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لە رووی داڕشتنەوە قاعیدەی عامە مادده بە مادده ئیلغا دەكرێتەوە، نەك دوو مادده، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

كاك غەفور مەخموری فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەمان رەئیم هەیە، لەبەر ئەوەی دوو یاسایە، پێویستە هەر یاسای بە ماددەیەك ئیلغا بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

لیژنەی یاسایی تكایە رەئیتان.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەردوو حاڵەت جائیزە، ئەگەر بە ماددەیەك بێت، یان بە دوو مادده بێت، موهیم ماددەكان كەم بێت صیاغەكەش ئیعتیادی صیاغەیەكی جوانیان رێكخست بوو لیژنەی ناوخۆ، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

لیژنەی یاسایی تكایە دەمجی بكەن و صیاغەكە بخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی ناوخۆیی دەمجیان كرد بوو، صیاغەكەشیان خوێندەوە، وابزانم صیاغەیەكی مەعقولە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

تكایە بیخوێنەوە، ئاخیر جار، بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من به عەرەبیەکەی دەیخوێنمەوە:**

**المادة الثالثة:**

**يلغى قانون تنظيم الغرامات المرورية رقم (4) لسنة (2000) والقانون (27) لسنة (2004) الصادران من المجلس الوطني لكوردستان – العراق.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**ئێستا ئەو پێشنیارە کە خوێندرایەوە لە لایەن لیژنەی ناوخۆ دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، سوپاس، لیژنەی یاسایی پێشنیاری ترتان هەبوو تکایە بیخوێننەوە.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پێشنیارمان کردووە ماددەی تر ئیزافە بکرێت، ئێستا دەیخوێنمەوە:**

**المادة الرابعة: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.**

**بەڕێز عبدالکريم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی چوارەم:**

**پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**وا دیارە برادەران پێیان باشە تەخویلی جەنابی وەزیر خۆی بکەین، کە تەعلیمات دەر بکات بۆ تەنفیز کردنی ئەو قانونە، ئێستاش صیاغەکەی بەو شێوەیە دەخوێنمەوە:**

**(لوزير الداخلية اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون).**

**بەڕێز عبدالکريم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**جەنابی وەزیر تکایە.**

**بەڕێز کريم سنجاری/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە تەئیدی دەکەین، سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان، شتێکی رۆتینیە، پێشنیاری لیژنەی یاسایی دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەگیرا، سوپاس، تکایە لیژنەی یاسایی ماددەی پێنجەم بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی ناوخۆ هیچ مولاحەزەتان لەسەر ئەو پێشنیارە هەیە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هەمان تێبینیمان هەیە، هیچ مولاحەزەمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان، ئەمە زۆر تەبیعیە، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدا دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەگیرا، سوپاس، ماددەکەی تر لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم: کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بە هیچ بڕیارێك ناکرێت گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بن.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة: لايعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هەمان بۆچوونمان هەیە، پشتیوانی لە ڕەئیەکەی لیژنەی یاسایی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش پشتگیری لێ دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان، ئەگەر کەس مولاحەزەیەکی نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەگیرا، سوپاس، ماددەکەی تر لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لیژنەی کاروباری ناوخۆ پێشنیاری ماددەیەکی تر دەکەین، ئیزافەی ماددەیەکی دیکە، من بە عەرەبیەکە دەیخوێنمەوە:

المادة السابعة: يعمل بهذا القانون لحين صدور قانون مرور خاص بالاقليم.

ئێمە لە دوو یاسای تر هەمان ماددەمان ئیزافە کرد بوو، یاسای شەریکات و پێموا بێت یاسای عەلاماتی تیجاری شتێکی وایە، ئەو ماددەیان هەبووە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

فەرموو کاك فرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە ئەوە قانونێکە نە حەصریە، حەقمان هەیە تەنفیزی بکەین، حەقمان هەیە تەنفیزی نەکەین، بەس نەفسی دەستوور ئەو حەقەی بە ئێمە داوە، ئەگەر بێتو ماددەیەك لەگەڵ وەزعی ئێمە نەگونجێت، حەقمان هەیە ئەو ماددەیە تەتبیقەکە ڕابگرین، لەبەر ئەوە موحتاج ناکات ئێمە ئەو نەصە داخیل بکەین، هەر وەختێك ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەیەکی تازەی هێنا، خۆ ئەوە نابێتە مانیع موناقەشە بکەین و ئیقراری بکەین، بە ڕەئی من ئەو موقتەرەحە ئیحتیمالی هەیە لە جێگای خۆی نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری ڕەئیەکەی کاک فرسەت دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە ڕەئیەکەی کاک فرسەت دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن ناویان دەنووسم، کاک بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمەی هیچ ناوێت، ئەو کاتەی قانونەکە دەرچوو، ئەحکامی ئەو قانونە ڕادەگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاک عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر دەرچوونی قسەم هەیە، لەسەر دەرچوونی ئەم بڕیارە قسە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئەو پێشنیارەی کە ئایا ئیزافە بکرێت، کاک ڕەشاد جەنابت فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەئیدی کاک فرست دەکەم، لەبەر ئەوەی ئەو قانونە پێی ناوێت هیچ ئیزافەی لەسەر بکرێت، خۆی موەفقەتە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی ناوخۆ ئەگەر موقتەرەحەکەتان سەحب دەکەن، ئەگەر سەحب ناکەن دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشنیاری خۆمان سەحب دەكەین، بەلاّم بە بیرتان دەهێنمەوە، كە ئێمە لە دوو یاسای پێشتر ئەوەی ئینفاز بووە، ئەو مادده هەبووە، جەنابی سكرتێر باسی نەكردەوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس بۆ لیژنەی ناوخۆ، پێشنیاری خۆیان سەحب كردەوە، پێویست بە دەنگدان ناكات، ئێستا ماددەیەك ماوە كاك عەونی كەرەم بكە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السابعة: ينفذ هذا القانون بعد مرور ثلاثين يوماً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم: ئەم یاسایە لە دوای سی رۆژ لە دەركردنیەوە كاری پێدەكرێت و لە رۆژنامەی فەرمی وەقائیعی كوردستان بلاّو دەكرێتەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

لیژنەی ناوخۆ كەرەم بكەن.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی ناوخۆ پشتگیری لەو ماددەیە ناكەین، ئێمە لەو دانیشتنەی لەگەلّ برادەرانی بەرپرسانی هاتووچۆمان كرد، ئەوەیان بۆ روون كردینەوە، كە زۆر بە پەلەنە، بۆ ئەوەی ئەو یاسایە دەربچێت، چەندین حالّەت روویدا لە هەولێر لە دائیرەی هاتووچۆی هەولێر، لەوانەیە جەنابی وەزیر ئاگادار بێت، كە پێویستیان پێ هەیە بەڕاستی ئەو یاسایە زوو دەربچێت، من لە مەنتقی ئەو ماددەی تێدەگەم و تەفەهومی دەكەم، بۆ ئەوەی زیاتر وەعی پەیدا بێت، بەلاّم مەترسی ئەوەم هەیە وەكو یاسای جگەرەكێشان و چەند یاسایەكی تر، كە ئێمە دواشمان خست، بەلاّم لە رووی ئیعلامەوە هیچ حەمەلەكی ئیعلامیمان بۆ نەكرد، یەعنی با واقیعی لێك بدەینەوە یاسایەكە زوو دەربكەین، لەبەر ئەوەی بەڕاستی وەزارەتی ناوخۆ و برادەرانی هاتووچۆ زۆر زۆر بە پەلەنە بۆ دەرخستنی ئەو یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

ئێستا ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکەن، پێش ئەوەی ناویان بنووسین جەنابی وەزیر رەئیتان تکایە.

**بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە ئێمە زۆر بە پەلەین ئەو قانونە دەربچێت و تەتبیق بکرێت، بەڵام ئەم قانونە موتەعەلیقە بە خەڵك، سبەینێ تۆ یەکێك غەرامە دەکەی (150) هەزار دینارە، دوو سەد هەزار دینارە، یەکێك حەپس دەکەیت، هەتا حەپسیشی تێدایە، لەبەر ئەوەی کە موتەعەلیقە بە خەڵك باشترە موڵەتێکمان بدەنێ سی رۆژ، سی رۆژ زۆر نییە، ئێمە ئەوە چوار ساڵ رۆیشتووە، سێ ساڵ و نیوە قانونە کۆنەکە تەتبیق دەکەین، لە ماوەی مانگێك ئێمە وەکو دەزگاکانی مرور حەمەلەیەکی ئیعلامی پێ بکەین, قانونەکە لە جەریدە بڵاو بکرێتەوە، لە جەریدەی مەحەلی بڵاو بکرێتەوە، نەدواتی تەلەفزیۆنی بۆ بکەین، لە جامیعە و ئەوانە بتوانین نەدوات بکەین، بە تەسەوری من ماوەی مانگێك زۆر نییە، ئێمە وەعیەك لەناو خەڵکدا دروست بکەین، بۆ ئەوەی سبەینێ کە یەکێکمان غەرامە کرد بە دوو سەد هەزار، یان سێ سەد هەزار دینار، کەس ئیعتیراز نەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئێستا ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکەن، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی موقتەرەحەکە باشە سی رۆژ، بەڵام هەندێك جار بەینی ئیصدارو بەینی نەشر دوو مانگ داژوا، سێ مانگ داژوا بەڕاستی، یەعنی مانگێکیش بێتە سەری دەکاتە چوار مانگ، بۆیە بەڕاستی من لەگەڵدامە کە یەك مانگ بێت، بەڵام نەشرەکە زۆر زۆر تاخیر دەبێت، بۆیە ئەگەر مودەکە تەحدید بکرێتن سێ مانگ، یان چوار مانگ داژوا، مومکینە ئەوە رەچاو بکرێت بەڕاستی، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك تارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دوو قانونمان ئیلغا کرد کە هەتا ئەمڕۆ دەست بەکارن، هەتاوەکو ئەو قانونەش دەردەچێت، پێویستە ماوەیەك هەبێت کە وەك جەنابی وەزیریش باسی کرد سی رۆژ، بۆ ئەوەی خەڵك وشیار بکرێتەوە، دوو قانون ئیلغا کراوە بەقانونێکی نوێ، هەتا وصولاَت تەبع دەکرێت، هەتاکو ناحیەی هونەریش دەکرێتن، ئەو ماوەی سی رۆژە زۆر باشە، بۆ ئەوەی خەڵکیش لێ را بێت، کە قانونێکی نوێ هاتە کایەوە، بەگوێرەی ئەوە داواکاریەکان پێشکەش بکەن، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك عادل فەرمو‌و.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە دەزانین لە دایك بوونی یاسا چەند قۆناغێكی تێدا تێپەڕ دەبێت، پرۆژە، گفتوگۆ، پەسند كردن، ئیصدار، نەشر، یەعنی ئەركانی ئەو قانونەی كە لەسەر خەڵك جێ بەجێ دەكرێت، دەبێت بڵاو بكرێتەوەو هەموو كەس بیزانێت، بەڕاستی من لەگەڵ ئەو رەئیەم، دەبێت ماوەیەك دیاری بكرێت و بڵاو بكرێتەوە ئەو قانونە، بۆ ئەوەی هەموو كەس لە تەفاسیلی بزانێت، من ئەو پێشنیارەم هەیە لە جیاتی ئەو دەقەی كە هاتووە بەم شێوەیە بێت: (ئەم بڕیارەو دەقی یاسایەكە لە وەقائیعی هەرێمدا بڵاو دەكرێتەوەو لە پاش سی رۆژ لە بڵاو كردنەوەی لە هەرێمی كوردستاندا كاری پێ بكرێت)، ئەوە رەئی منە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

پێشنیارەكەت زۆر دروستە، كاك شێخ فەتاح فەرمو‌و.

**بەڕێز فتاح عبدالله نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە رەئی لیژنەی قانونی دەكەم، پێموایە سی رۆژ كاتێكی باشە، ئومێد دەكەم لەو كاتە جێ بەجێ بكرێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك محەمەد ئەحمەد فەرمو‌و.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یاسایەكی نوێیە، تا ئێستا هەتا ئەندامانی پەرلەمان موتەڵەع نەبووینە لەسەری، خەڵكیش ئاگای لێ نییە، هەتا موئەسەسەی دەوڵەتیش ئاگای لێ نییە، دوو یاساش ئیلغا بوون، وەزارەت دەبێت تەعلیمات دەربكات، دەبێت نەدوات بكات، دەبێت خەڵك ئاگادار بكات، بە قەناعەتی من بە مانگێك وەزارەت ناتوانێت بەو ئیشە هەڵبستێتن، من لەگەڵ ئەوەمە لە پاش نەشرەكە لە وەقائیعی كوردستان سێ ئەوە هەبێتن، یەعنی زروفێكی مولائیم بێتن، هەتا بەشێوەیەكی راست و دروست جێ بەجێ بێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك زرار فەرمو‌و.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من 100٪ پشتیوانی له بۆچوونەکەی وەزیر دەکەم، بەڕاستی من دەتوانم بڵێم مانگێك کەمیشە، بۆ وشیار کردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك، چونکە ئەوە جێگای دوو یاسا دەگرێت کە ئیلغا دەکرێت، ئەوە جێگای دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە لەگەڵ بۆچوونی لیژنەی ناوخۆ دانیمە، سی ڕۆژ ئەگەر کەم نەبێت، زۆر نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخۆی زۆر زۆر پێویستە پەلەی لێ بکرێت، لەبەر ئەوەی جەنابی وەزیر ئیشارەتی بەوەیدا خەڵکانێکی زۆر چاوەڕێنە ئیجازەیان بدرێتێ، ئەو خەڵکانەش خەڵکێکی فەقیرن، سادەنە، دەستی خراپ هەیە دەفعیان دەکات، بۆ مەشاکیل و بۆ خۆپیشاندان، بە قەناعەتی من حەددی ئەعلا لە 1/1 را ئەو قانونە دەست پێ بکرێت و ئیش بکات لە 2008، لە ئێستا هەتا 12/31 مەجالێکی زۆر هەیە، تەوعیەی ئەوە سێ ڕۆژ لە تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان بلاّو بکرێتەوە، ئەو خەڵکە تێ دەگات، بە قەناعەتی من سەلیمترین شت ئەوەیە پەلەی لێ بکرێت و جێ بەجێ بکرێت، نەوەك تاخیر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی تا قانونەکە موافەقەت نەکرێت لە پەرلەمان و تەصدیق نەکرێت و نەدرێت بە ئێمە، ئێمە ناتوانین هیچ بکەین دەست بەستراوین، لەبەر ئەوە ئێمە ئەو مانگە بە فورسەتێك دەزانین، کە بتوانین ئێمە خەڵکەکەی پێ تەوعیە بکەین، لە ئێستاوەش تا قانونەکە صادر دەبێت، ئێمە خۆمان حازر دەکەین، وەکو مرور نەدوات و شتی خۆمان و بەرنامەی خۆمان حازر دەکەین، کە ئەو وەختەی قانونەکە هات، ئێمە یەکسەر دەستی پێ دەکەین و من هەر پشتگیری لە ماوەی یەك مانگ دەکەم، بە ماوەی یەك مانگ تەسەور دەکەم ئەو وەختە کافی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی تکایە ئاخیر صیاغە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم: ئەم یاسایە لە دوای سی ڕۆژ لە بڵاو كردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمییەوە (وەقائیعی كوردستان) كاری پێ دەكرێت.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السابعة: ينفذ هذا القانون بعد مرور ثلاثين يوماً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیر ئیشارەتی بە نوقتەیەكدا گوتی پاش مانگێك ئێمە تەنفیزی دەكەین، پاشی مانگەكە، پاشی ئیصدارە، یان پاشی نەشرە، ئەوە حەز دەكەم تەوزیح بكرێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

پاش تاریخی نەشر، ئێستا صیاغەكە جەنابی كاك عەونی لیژنەی یاسایی خوێندیانەوە، نوقتەی نیزنامی كەرەم بكە فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادام یەك مانگ تەحدید كرا، جەنابی وەزیریش ئیشارەتی پێدا، نەك لە تاریخی نەشر (من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية) دەبێت بەو شكلەی بێتن، هەتا مانگێك بێتن، ئەگەر پاش نەشرەكەی بێتن، ئیحتیماله بە چوار مانگی كۆتایی پێ نەیەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

لیژنەی ناوخۆ ئاخیر مولاحەزەتان، پێشنیارەكەتان سەحب دەكەنەوە، یان تەئیدی پێشنیارەكە دەكەن، تكایە.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشنیارمان نەبووە، ئێمە تەنها تێبینیمان هەبووە لەسەر پێشنیارەكەی لیژنەی یاسایی، پێموایە ئەو پێشنیارەی كاك شێروان و كاك ڕەشادیش باسیان كرد تەئیدی جەنابی وەزیر دەكەن، یەعنی سی ڕۆژ پاش تاریخی ئیصدار هەمان فەلسەفەكە جێ بەجێ دەبێت، ئەوەی جەنابی وەزیر داوای كرد، لەبەر ئەوەی ئەگەر سی ڕۆژ پاش نەشر بێت، نەشر ئەوە عەمەلیەن ئاگادارین زۆر جار تاخیر دەبێت، لەوانەیە دوو

مانگ و سێ مانگ و چوار مانگ بکێشێتن، بۆیە ئەو پێشنیارەی کاك رەشاد پێشنیارێکی باشەو جێ بەجێ کردنە بۆ پێشنیاری جەنابی وەزیر، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك عەونی تکایە دووبارە بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة:

ينفذ هذا القانون بعد مرور ثلاثين يوماً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك فرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

غایەت پێی ئەوەیە یەك مانگ لەبەردەستی هاوولاَتیان بێت لە تاریخی ئیصدار، کە لە سەرۆکایەتی ئیصدار دەبێت، دوور نییە پاش دە رۆژ ئینجا نەشر بێتن، مەفروزە مانگەکە لە تاریخی نەشر بێت، ئەگەر نەشر بوو مانای وایە ئەوە کەوتە بەر دەستی هاوولاَتیان، داکو تەحقیقی غەرەزەکە، عیلەتەکە لە تەشریع بکەین، مەفروزە لە تاریخی نەشر بێت، نەك لە تاریخی ئیصدار بێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەسڵ لە تاریخی نەشرە، مەسەلەی تاریخی ئیصدار ئیستیسنایە، تەئیدی کاك فرسەت دەکەم، دەبێت لە تاریخی نەشرەوە مانگێك دوای تاریخی نەشر بێتن، بۆ ئەوەی هاوولاَتیان ئاگادارین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە ئیستیسنائە، لەبەر ئەوەی وەزارەتی ناوخۆو برادەرانی هاتووچۆ بە پەلەنە بۆ ئەو ماددەیە، بۆیە ئیستیسنائە، دەنا لە زۆر یاسایەکان خۆم داوام کردووە (بعد تاريخ نشره) ئەوە یەك.

دوو/ كه له وەقائیعی كوردستان بلاّو دەكرێتەوە، یەعنی عەمەلیەن ئێمە مولاحەزەمان كردووە، بەڕاستی ئەو وەقائیعی كوردستانە، ئەو وەعیە پەیدا ناكات، جەنابی وەزیر باسی كرد، خۆیان له وەزارەتی ناوخۆ بە تەمانە نەدواتی بۆ بكەن، كۆڕی بۆ بكەن، ئەویش پاشی ئیصدار، كە ئیصدار بوو تەواو، لە خیلال ئەو مانگە وەزارەتی ناوخۆ ئەگەر وەسائیلی راگەیاندنیش هاوكار بێت، بە رەئی من وەعی بەو جۆرە پەیدا دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

ئاخیر كەس قسە دەكات رێزدار كاك فرسەت تەوزیحێك دەدات و دەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

راستە قاعیدەی عام لە تاریخی نەشرە، بەس ئەگەر كاك سەردار تەماشای قەوانینی عیقابی و تەنزیمی بكات، ئەوە قانونی عقوباتە، قانون ئوصولی موحاكماتی جەزائیە، ئەو قەوانینانە دەبێت رۆژانە عیلاقەتی هاوولاّتیان لەگەڵ بێتن، مەفروزە هاوولاّتیان ئاگادار بن ماوەی پێ بدەین، ئاگاداری ئەو قانونە بن، لەبەر ئەوە چونكە ئەو قانونە عقوباتی تێدایەو قەزایەی تەنزیمیە، هاوولاّتیان مولزەمن پێی، راستە منیش دەزانم دەزگاكانی وەزارەتی داخلی زۆر بە پەلەن، بەس وەزیری داخیلیە دەڵێتن پێویستیم بەوە هەیە یەك مانگ نەدواتی لەسەر بكەم خەڵك ئاگادار بكەم، بە رەئی من حەقمان نییە، ئێمە موعارەزەی ئەو شتە بكەین، مەوزوع نەك پەلە بوونی وەزارەتی داخیلیە، مەوزوع ئەوەیە ئەو شوفێرانە ئاگاداری ئەو قانونە بن، ئەو هاوولاّتیانە ئاگاداری ئەو قانونە بن، داكو ئیلتیزامی پێ بكەن، ئەگەر ئاگاداری نەبن چۆن ئیلتیزامی پێ بكەن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

لیژنەی یاسایی ئێستا كە پێشنیارەكەتان خوێندرایەوە، دەیخەینە دەنگدانەوە، هەموو ئەو بەڕێزانەی گوێیان لێ بوو و گفتوگۆشی لەسەری كرا، نەصەكە جارێكی تر بخوێنەوە كاك عەونی تكایە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السابعة: ینفذ هذا القانون بعد مرور ثلاثین یوماً من تاریخ نشره في الجریدة الرسمیة (وقائع كوردستان).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

بەو شێوەیە دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەگیرا، سوپاس، ئەسباب موجیبە تكایە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**الاسباب الموجبة**